# ڕەخنە گرتن بەرپرسیارەتییە



**بەدران ئەحمەد حەبیب**

هەندێک لەوانەی دەیانبینم لێیان دەپرسم "دەزگای زاری کرمانجی چۆن دەبینن!" لەمەشدا نیازم ئەوە نییە پەسن و پیاهەڵدان و دەسخۆشانەیان لێ ببیسمەوە، زیاتر دەمەوێ بزانم ئاخۆ خەڵکی دەڤەرەکە لێی ڕازین یان نا! ئاخۆ ئەم دەزگایە بەگشت شاخ و لکەکانییەوە ئەو ئامانجگەلە دەپێکێ کە لە پێناویدا هاتە ژیان! یان ئەوەتا ژمارەیەکە دەخزێتە پاڵ لیستە "زۆر و بۆر" ەکەی ڕاگەیاندنی کوردستانەوە. زۆر جار ئەو پرسیارەم ئاراستەی میوانانی لە دەڤەرەکەوە هاتووە کردووە. تا ئێستە دووخاڵیان پیشان داوم، بەلای منەوە یەکێکیان ئەرێنی و ئەوی تریان نەرێنی بۆ دەزگاکە دەژمێردرێن.

وتیان: بەشێك لەلاوانی ڕۆشنبیرانی ناوچەکە نایانەوێ هاوکاری دەزگای زاری کرمانجی بکەن! دەیانەوێ بۆ خۆیان کاری ڕۆشنبیریی تر و سەربەخۆ ئەنجام بدەن و جیا لە زاری کرمانجی هەنگاو هەڵگرن. ئەمە مایەی خۆشییە کە لاوانی ڕۆشنبیری ئەم دەڤەرە بکەونە کێبڕکێ و هەریەك لەلایەکەوە و لەناو گرووپێکی ڕۆشنبیریی سەربەخۆدا کار بکات. هەڵبەت لەمەدا دەزگای زاری کرمانجی گرووپی هەرە مەزن و بەرچاو دەگرێتە خۆ، بەڵام ئەمە واتەی ئەوە ناگەیەنێ کە کەس بۆی نییە لەدەرەوەی ئێمە کار بکات، یان ئەوەی جیا لە زاری کرمانجی کار بکات دژ و ناحەزە. بە پێچەوانە. هەبوونی گرووپگەلی جیاجیا، دیاردەیەکی شارستانی و نیشانەی پێشوەچوونی بزاڤی ڕۆشنبیریی دیموکراسییە. هەبوونی ڕۆشنبیران و لاوان لەدەرەوەی ئەم دەزگایە وامان لێ دەکات پشوومان درێژتر و سینەمان فرەوانتر و دەرگەمان ئاوەڵاتر بێت. هەروەها دەبێ بەمایەی ئەوەش کەمەترسیی کێبڕکێ هانمان بدات هەمیشە لەخەمی خۆباشکردندا بین. بۆیە هەبوونی بزاڤی ڕۆشنبیریی دەرەوەی زاری کرمانجی ڕووداوێکی باشە و ئامادەین هاوکاریشی بکەین.

خاڵە نەرێنییەکەش ئەوەیە دەڵێ "دەزگای زاری کرمانجی سەرەتا وەك ڕەخنەگر هاتە پێشەوە، بەڵام پاشان وردە وردە کەوتە پاشەکشێ و ئێستا بەرپرسانی دەسەڵات گۆشەی تیا دەنووسن!". دەمخۆشی لەخاوەنانی ئەم بۆچوونە دەکەین. ئەمە دەرەفەتی ئەوەمان پێ دەدات قسەیەك لەم بابەتە بکەین. من بۆ خۆم لەو باوەڕەدام "ئازادیی بێ کۆت و پێوەند بوونی نییە". ئازادی و بەرپرسیارەتی لە ڕاگەیاندندا لەدوو هێڵی تەریبدا شان بەشانی یەك دەڕۆن. ئێمە ئازادین لەوەی کە هەموو ڕەخنەیەك بەبەڵگە و دەستهاوێژەوە ئاراستەی داوودەزگای ڕەسمی بکەین و، هەر کەموکورتییەك لە خزمەتگوزاری و کارگێڕیدا هەبێ داوای چارەسەری بۆ بکەین و، لێ پێچینەوەشمان بوێ لەو کەسانەی تەخسیر دەکەن، بەڵام دەبێ پیاوانی دەوڵەتیش مافی ئەوەیان هەبێ ڕادەو سنووری دەسەڵات و بەرپرسایەتیی خۆیان ڕوون بکەنەوە. ڕاگەیاندن نابێ هەر کەموکورتی بخاتە ڕوو، دەبێ گەشی و پێشکەوتنەکانیش نیشان بدات. ئەگەر وانەبێ، هۆیەلی ڕاگەیاندن وڵاتمان لێ دەکەن بەدۆزەخ و، گەشبینیمان تێدا دەکوژن.

خزمەتگوزاری بۆ ئەوەی بتوانێ سەرکەوێ، دوو بنەڕەتی دەوێت، یەکەمیان کادیری سەرکردایەتی دڵسۆز و دووەمیان هاوکاری بەردەوامی خەڵك. هیچ یەکێك لەکەناڵەکانی خزمەتگوزاری، بەبێ هاوکاری و دەست لەناو دەستیی خەڵك ناڕۆن بەڕێوە. خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی وەك: ئاو، کارەبا، ئاوەڕۆ، خاوێنکردنەوەی کۆڵان و شەقام، ڕێکخستنی هاتوچۆ، خزمەتگوزاریی تەندروستی و تەنانەت پەروەردە و خوێندنیش ئەگەر میللەت هاوکاریی داوودەزگاگەل نەکات، باش بەڕێوە ناچن. نابێ ئەوشمان لە بیر بچێ، ئێمە کۆمەڵگەیەکین لەهەنگاوە سەرەتاییەکانی ژیانی شارستانیدا، هەموو شت لەم وڵاتەدا تازەیە. ئەگەر هاوکاریی یەکتر نەبێت، هەمووشت لە نیوەی ڕێگەدا دەوەستێ.




بەڵام لەکۆتاییدا، جارێکی تر ئەوە دووبارە دەکەمەوە، پاشەکشەیە ئەگەربێو زاری کرمانجی ڕەخنە لە کەموکورتییەکان نەگرێ. ڕاگەیاندنی ئازاد چاوی میللەت و دەزگای چاودێریی میللییە بەسەر داوودەزگاکانی حکوومەتەوە. ئەو داوودەزگایانەی ئێمەش کە ئەم میللەتە قوربانی زۆری داوە تا هاتوونەتە بەرهەم، بۆیە نابێ لە بچووکترین کەموکورتییان چاوبپۆشرێ، بەڵام دەبێ لە بیرمان نەچێ دەسەڵاتەکەشمان هی خۆمانە و نابێ ناشیرینی بکەین تا ڕقمان لێی بێ. ڕەخنە گرتن بەرپرسیارەتییە.